# رەسوول گەمزاتۆڤ و

# داغستانەکەی

عەبدوللا پەشێو

له سەرەتای سالی ١٩٧٢دالەبەردا بووم خۆم فێری زمانی ئینگلیزی بکەم ٠ بەپێی دەستڕۆیشتن و توانا بەدوای ئەو چاپەمەنی‌یانەدا دەگەڕام که بەزمانی ئینگلیزی دەردەچوون ٠ یەك لەو چاپەمەنی‌یانەی بەشەلەشەل دەمخوێندنەوە گۆڤاری « ئەدەبی سۆڤیەتی »بوو ٠ جارێکیان بە ڕێکەوت لە ژمارەیەکیدا چاوم بەشیعرێکی شاعیری ( ئاڤار ) ڕەسوول گەمزاتەڤ کەوت بەناوی « زمانە زگماکەکەم » ٠ شیعرەکەم خوێندەوە ٠خوێندنەوەکەم دووبارەو سێ‌بارە کردەوە ، بەلام‌هەرچەندی کردمو کۆشام نەچوو بە دلماو ڕەگەزێکم لەوڕەگەزە هونەرییانە تیا نەدی کە شیعری نەمریان پێ پێکدێ ٠نازانم بۆچی زێدە لەو هەموو شاکارانە ، قەزاو قەدەر ئەوشیعرە زەقەی خستە بەردەستم !

من ئێستاش ، لەکاتێکا ئەو چەند دێرە تۆمار دەکەم ، پێوانە هونەری‌یەکەم هەر هینەکەی ئەوسامەو بیروڕام دەربارەی تەکنیکی هونەریی شیعرەکە وەکو خۆیەتی ٠ بەلام دوو شت هەیە دەبوایە ئەوسا بیریان لێ بکەمەوە ٠ یەکەم ئەوە کە خوێندەوار نابێ بیروڕای موتڵەق بەسەر شاعیرێکدا بدا ، ئەگەر لە بەرهەمێك بەولاوە هیچی تری نەدیبێ‌و لە نزیکەوە ئاشنایەتیی لەگەل ئەو دەشتە کاکی بەکاکی‌یە نەبێ کە ڕێچکۆلەی هونەریی شاعیری پێدا ڕەت دەبێ ٠ دووەم ئەوە کە دەبوو ئەوەم لەبیر نەچێ کە من شیعرەکەم بە ئینگلیزی خوێندوەتەوە نەك بە ئاڤاری ٠ بێ‌گومان تێکستە ئینگلیزییەکەش لە ڕووسی‌یەوە وەرگێڕدراوە ٠ جا دەبێ ئەو شیعرە کلۆلە چەند لە گەرمو گوڕی‌یەکەی بڕوا تا دەگاتە زمانی سێهەم !

جگە لەو دوو شتەی سەرەوە ، شتێکی تریشم بە خەیالدا دێ ، ئەویش ئەخلاقی شاعیرانەیە ٠ گەمزاتەڤ شاعیرێکی ئاڤاری ( داغستانی )ی سۆڤیەتی‌یە ، لەسەر نەخشەی ئالۆزی شیعری سەدەی بیستەم سەنگ‌و قورسایی خۆی هەیەو شوێنی خۆی بە ڕەنگێکی تۆخی قەتمەری دەست نیشان کردووە ٠ شاعیرێك گەیشتبێتە ئەو پایەیە ، کەچی نەك هەر بەو زمانە بنووسێ کە چەند هەزار کەسێك پێی دەدوێن ، بەلکو بشیلاوێنێتەوە ، دلداریشی لەگەلدا بکات ٠٠ شیعریشی بەسەردا هەلبدا ٠٠

وەك لە ولاتدا ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ڕێکەوت « زمانە زگماکەکەم »م خوێندەوە ، لە دەرەوەش هەر بە ڕێکەوت « داغستانەکەم »م خوێندەوە ٠ لەگەل خوێندنەوەیدا هەستم بە خۆشەویستی کرد بەرابەر بە شاعیرو داغستانی شاعیر ٠ لە ڕاستی‌یشدا ئەو شاکارە نەك هەر ئینسیکلۆپیدیای داغستانە ، بەلکو ئینسیکلۆپیدیای هەموو چیاو چیانشینانە ٠ لەم وتارە سەرپێی‌یەمدا دەمەوێ چۆنیەتی لەدایك‌بوونی ئەو خۆشەویستی‌یە خەستە بگێڕمەوە ٠٠

( گەمزاتەڤ ) کوڕی شاعیری میللیی داغستان ( گەمزات چاداس )ە ٠ لە سالی ١٩٢٣دا لە گوندی ( چادە ) لەدایك‌بووە ٠ بە ڕەچەلەك ئاڤارە کە نەتەوەیەکی بچکۆلانەی چەند هەزار کەسی‌یەو لە دێرزەمانەوە نیشتەجێی داغستانە ٠

شاعیر لە سالی ١٩٣٧ەوە دەستی بە وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیرە کلاسیکەکانی ڕووس ، وەکو پوشکین‌و لێرمەنتەڤ‌و ٠٠ تاد ، کردووە بۆ سەر زمانی ئاڤاری‌و ناوناوەش شیعر دەنووسێ‌و بلاوی دەکاتەوە ٠

کە شاعیر شیعرە نۆبەرەکانی خۆی بلاو دەکردەوە ، لە گەلێ لاوە بەسەر شان‌و بالی‌دا هەلدەدرا ٠ ئەمە دلی خۆش دەکرد ٠ کەچی هیی‌واش هەبوو دەیگوت ئەو شیعرانە هیچیان هی خۆی نین‌و باوکی بۆی دەنووسێ[١] ٠

لە تەمەنی شانزە سالیدا دەبێ بە مامۆستا لە قوتابخانەیەکی ئاڤاری ٠ لە ڕۆژنامەیەکدا دەگیرسێتەوە ٠ لە هەمان‌کاتیشدا لە ڕادوێ کار دەکا ٠ لەو تەمەنەدا

گەمزاتەڤ واتێ‌دەگا لە هەموو عیلمــــان بووەتەوە چی‌تر پێویســـتی بە زانیـــن‌و خوێندن‌و دنیــا ناســین نی‌یە . ڕقی لەوانە دەبێتەوە کە ڕەخنەی لێ دەگرن . ئەو کەسانەی خۆش دەوێ لاری‌یان لــــە نووسینەکانی نی‌یە . جارێکیان لە کۆڕێکدا لە شاری مینسك لێی دەپرسن داخــوا خەون بەوەوە نابینێ کە لـــە تەمـــەنی ١٦ ساڵیدا ببێ بە شاعیر ؟ گەمزاتەڤ چ ســێ‌و دووی لێ ناکاو دەڵێ : نەخێر : خەون نابینم چونکە من ئێستا شاعیرم(٢) .

ڕەسووڵ گەمزاتەڤ ، بــە ئامۆژگاریی مامۆستایەکی خۆی ئاڤارستان بەجێ دێڵێ‌و ڕوو لە مۆسکۆ دەکا بۆ خوێندن لـــە ئینســـتیتووتی(٣) ئەدەبی . لەڕاستی‌یشـــدا ڕێنوێنیی مامۆستا خۆڕا نەبوو . لـــەو ئینستیتوتەدا بەهرەی شاعیر ڕسکاو ڕەگی بە قووڵترا چوو . شارەزایی‌یەکی باشی لـــە زمان‌و ئەدەبی ڕووسی پەیــدا کرد . هەر لێرەش هاوڕێکانی شیعرەکانی‌یان وەردەگێڕایـــە سەر زمانی ڕووسی .

گەمزاتەڤ لـــە کتێبی تەواونەبووی «داغستانەکەم»دا .. زۆر وەســتایانە .. زۆر شاعیرانە ، ڕووناکایی دەخاتە سەر ڕێچکەی ئەدەبی‌و فیکریی خۆی . دەیگێڕێتەوە کـــەوا « جارێکیان لە ڕۆژی ئەزموونـدا .. لە ئینستیتووتی ئەدەبێ ، پرۆفیسۆر لـــە قوتابی‌یەکی ئاڤـــاری دەپرسێ : جیاوازی لەنێوان ڕیالیزم‌و ڕۆمانتیزم‌دا چی‌یە ؟ هاوولاتەکەم دیار بوو خۆی بۆ ئەو بەزم‌و ڕەزمە ئامادە نەکردبوو .. هیچی دەربارە‌ـ یان نەخوێندبووەوە . چاریشی ناچار بوو ، دەبوایە وەڵام هەر بداتەوە ! کەمێـــك دادەمێنێ‌و هەڵدەداتێ : ڕیالیزم مانـــای وایە ئێمە بە باز دەڵێین باز .. هەرچی ڕۆمانتیزمیشە مانای وایە بە کەڵەشێر بڵێین باز ! پرۆفیسۆر کە گوێی لەو وەڵامە سەیرو سۆبەتە دەبێ لـــە شـــوێنی‌خۆیدا دەگرژێتەوەو خوێندکارەکە دەردەچـوێنێ . گەمزاتەڤ دەڵێ : لێرەدا ئەوەی پەیوەندی بە منەوە بێ ئەوەیە من هەر لە سەرەتاوە هەوڵم‌داوە بە ئەسپ بڵێم ئەسپ .. بـــە کەر بڵێم کەر . . بە کەڵەشێر بڵێم کەڵەشێر .. بە پیاو بڵێم پیاو »(٤) .

تاقەت دانـــە خۆ ، خۆ لێك‌کێشانەوە وێکهێنـانەوەی درۆ ، دروست‌کردنی تەم‌ومژی چڕ ، هەڵخســـتنی تاپۆی بێ‌گیان لـــە نووسیندا ، دیاردەیەکە لەناو هەمـــوو ئەدەبی جیهـــاندا تەشەنەی کردووەو بووە بـــە مۆدەی سەردەم . گەمزاتـــەڤ دوژمنێکی دڵڕەق‌و وشـیاری ئەو ڕێبـــازە ئەدەبی‌یەیە . دوژمنکاری‌یەکەشی چەکدارانە دەکا . چەکیشی بەهـــرەی ڕوون‌و بێ‌گـــەردە ، شیعرە‌ـ کانیەتی .. ئەوەتە بە زمانی دایکێکی ئاڤارییەوە دێتە گۆ و توانج لە شـاعیرێکی هاوڕێی دەگرێ کە پیرە دایکە ئاڤارە‌ـ کەی گوتوویە :

**کە منال بوو نەدەپەیڤی**
**منی دایك لە کوڕی خـۆم**
**دەگەیشتم .**
**کەچی کوڕە ، کە هاتە گۆو**
**گۆرانیی وت ،**
**من چی‌تر تێی نەگەیشتم**(٥)

ئــەو شــیعرەی ڕۆژگار دەیهێڵێ ، میللەت دەیپارێزێ ، بۆن‌و بەرامەی زێر ســەرینی کچان ڕێوپێکی بەهێز دەکا ، ئەو شیعرەی چــەك دەداتە دەست دیلان ، زەنگی بێداری بۆ نووســـتووان لێ‌دەدا ، مرۆڤ لەگـــەڵ چارەنووسی خۆیدا ڕووبەڕوو دەکا ، ئا ئەو شیعرە هەر بە زمانی ســادە نووسراوەو دەنووسرێ . ئەمە شتێکی ئەوەندە سەیر نی‌یــە گوتراوە منداڵ چەند ســاکار بێ .. چەند بچووك بێ خەونی ئەوەندە زل دەبینێ ! خـــاك چەند نەرمان‌و بێ‌گرێ‌وگۆڵ بێ ئەوەند مایـــە دەداتە ڕەگ‌و ڕیشە پێیدا بچێتە خوارەوە . گەمزاتەڤ لـــەو ڕاستی‌یە گەیشتووە کە دەڵێ :

**جوانترین گۆزە ،**
**لە قوڕی سادە دادەڕێژرێ .**
**جوانترین شیعریش**
**لـــە وشەی ســـادە**
**هەڵدەبەسترێ**(٦)

ڕەنگە ڕۆمان ، چیرۆك یـــا تابلۆ بەپێی نەخشەو پـــلان لەدایك‌بن‌و کەرەســـتەیان پێشتر بۆ ئامادە بکرێ ، بەڵام شـــیعر بەلای گەمزاتەڤەوە شتێکی‌ترە : « دیاری‌یە ... لەپڕێکا دێ ! »(٧) .

چۆن کەسێ ناتوانێ شەو بڕیار بدا کە بەیانی لـــە سەعاتێکی دەست‌نیشان‌کراودا بکەوێتە تۆڕی دڵداریی کچێ ، هەرواش شاعیر ناتوانێ کاتی نووسینی شیعر دەست‌نیشان بکا . ئایدیاو(٨) دڵە خورپەی شاعیران ، وەکو میـــوانی چیانشـــینان ، بێ بانگ هێشتن ، لەپڕێکا لـــە دەرگا دەدا . چۆن پیاو ناتوانێ خۆی لە میوان بشارێتەوە ، هەرواش شاعیر ناتوانێ خۆی ئایدیـاو خورپەی دڵی بشارێتەوە(٩) .

لـــــە شـــــاکاری « داغســــتانەکەم »دا ، گەمزاتـــەڤ بـــە درێژی باسی فورم‌و ناوەرۆك دەکا : جار هەیە بە خەنجەرو کالانیان دەچوێنێ .. جاریش هەیـــە بە مرۆڤ‌و جل‌وبەرگ . بـــە لای ئەوەوە ناوەڕۆك خەنجەرە فۆرم کالانە . خەنجەر چەند تیژ بێ ، بێ کالان ژەنـــگ هەڵدێنێ . کالانیش بـــا زێڕکفتیش بێ ، ئەگـــەر ناوەڕۆك مرۆڤە . فـــۆرم

بروانە ـ ل ٧

## « بــەيان » ێكى نوێتــر

**سەرەڕای هەمـــو گیروگرفتێکیش ، ســەرباری هەمو شەونخـــونی‌و ئەرك‌و ڕەنجێکیش ، وائەمجارەیش ژمارەیەکی تر لە گۆڤارەکەتان چاوی هەڵێناو خۆی بە پەنجەو دیدەی ئێوەی ئەدیب‌و ڕۆشنبیر شاد کردەوە .. لەم ژمارەیەدا ئــەم بابەتانەی تیـــا ئەخوێنیتەوە :**

( هەنـــدێ هـــەولی سەرنەکەوتو ) کە بە خامەی کاك ( **امين محمد** ) ئامادەکران لە تەك ( کارتەرو فەلەستین )و ( سرودی شۆرش ) کە کاك **امين شوان** لە بارەی مارسلیزی دیارترین شۆرشی مرۆڤایەتی ـ شۆرشی فەرەنسایی ـ بۆی ئامادەکردون ، لەپاڵ باسێکی وردی کتێبێکی فەلسەفەیی لـە بارەی زات‌و مەوزوعـــەوە ئەدوێت‌و لە هەمان‌کاتا دەس‌ـ نیشانی فیکـــرو ڕۆشنبیری ئەوروپا ئەکات کە لە لایـــەن کاك شوانەوە ئامادەکراوە .

لە پاشا لەبارەی لایەنێـکی کەی هونەری چیرۆك (چیرۆکی پۆلیسی ) باســێکی قووڵ‌و بەتـــام ڕێگات لێ ئەگرێ .. لەپاڵ ئەم باسە پۆلیســـیەدا باســـێکی بەتامی مرۆڤێکی ڕەشی ئەفەریقای ناو ( بیکۆ ) ئەخوێنیتەوە کـــە کاك **هێرش محمد امين** بۆی وەرگێڕاون .. ئینجـــــا بەرەو شانۆگەریە قوولەکانی گەورەترین شانۆ‌ـ نووسی جیهانی ( هنـــریك ئەپسن ) ئەکەوێتە جوولە .. تا لە گەڵ گەورەترین شاعیری جیهانی نازم حیکمەت‌و خامەی کاك **فاضــــل قصاب** یەك ئەگریتەوە ، لە پاڵ ئەمیش لە گـــەڵ ڕوحیاکترین شاعیرێکی

# ڕەسووڵ گەمزاتۆ

**پاشماوەی ژمارەی پێشو**

وەکو لەپێشەوە گوتم ، زمان بەلای گەمزاتەڤەوە تەنیا « کەرەستە »و « هۆ » نی یە ٠ زمان ئەرگەنیزمێکی زیندووە ٠ گیانە بەبەر خوێن‌و گۆشتدا کراوە ٠ خۆشەویستە ٠ بۆیە گەمزاتەڤ نەك هەر پێی دەنووسێ ٠٠ بەڵکو بۆشی دەنووسێ ٠ وا لە خوارەوە چەند کۆپلەیەك لەو شیعرە وەردەگێڕم کە لە سەرەتای نووسینەکەمدا باسم کرد ٠ ناوی شیعرەکە « زمانە زگماکەکەم »ەو شاعیر خەونێکی سامناکی خۆیی تێدا دەگێڕێتەوە :

**قرچەی گەرمای نیوەڕۆ بوو**
**لە دۆڵێکی داغستانا لە ئاوزەنگیم دابوو ،**
**ڕێبواریش بەلامدا تێدەپەڕین‌و ،**
**لە زۆڵیەتیی حەسەن ناوێك دەدوان ٠٠**
**دەربارەی چەتووینی عەلی ناوێك دەپەیڤین ٠**
**کە ئاوازی وشەی خۆماڵیم هاتە گوێ ،**
**دەمودەست زیندوو بوومەوە ٠٠ هەستامەوە ٠٠**
**تێگەیشتم :**
**لە زمانی زگماك بەولاوە ،**
**هیچ دوکتۆرێك ٠٠ هیچ حەکیمێك ،**
**چارەی منی پێ ناکرێ ٠٠**

× ×

**با زمانی بێگانە**
**کەسانی‌تر چارە بکا**
**بەلام من هەرگیز پێی ناستریم**
**ئەگەر بێتو سبەی زمانەکەم نەمێنێ**
**من ئەمڕۆ ئامادەم بمرم ٠٠**

× ×

**با بە زمانەکەم بڵێن هەژارە ،**
**لەسەر مینبەری ئەسامبل[١] نازرینگێتەوە ٠٠**
**من هەمیشە لەپێناویا گیانم دێشێ ٠**
**خۆشەویستمە ٠٠ هەر مەزنە لەناو دڵما[٢]**

شاعیر دەگێڕێتەوە کەوا جارێکیان لە پاریس لەگەڵ نیگارکێشێکی دەست ڕەنگیندا یەکدی دەناسن ٠٠ بە ڕێکەوت نیگارکێشەکە ئاقاری دەبێ لەدوای شۆڕشی ئوکتۆبەر نیشتمان بەجێدێڵێ‌و ڕوودەکاتە ئیتالیا ، لەوێ ژن دێنێ‌و پاشان لە هیچ کونجێکی دنیادا ئۆقرەو ئارام ناگرێ‌و ژیانێکی گەڕیدەیی بەسەر دەبا ٠ کە شاعیر دەگەڕێتەوە داغستان بەدوای سۆراخی کەس‌وکاری هونەرمەندەکەدا دەگەڕێ ٠٠ بە ڕێکەوت پێدەکەوێ کە هێشتا دایکی ماوە ٠ ئەویش یەکسەر دەچێتە لای‌و هەواڵی خۆش‌گوزەرانیی کوڕەکەی پێ ڕادەگەیەنێ ٠ لەپڕ دایکە لێی دەپرسێ :

— ڕەسووڵ ! بە چ زمانێ قسەت لەگەڵ کوڕەکەم کرد ؟

— من بە ڕووسی‌و ئەو بە فەرەنسەیی ٠ وەرگێڕمان لەنێواندا بوو ٠

— ڕەسووڵ ! ببوورە ، تۆ بە هەڵە چووی ٠ ئەوە کوڕی من نی یە ٠ کوڕ کوڕی من بێ هەرگیز ئەو زمانە لەبیر ناکا کە دایکە ئاقارەکەی فێری کردووە[٣] ٠

× ×

« داغستانەکەم »ی گەمزاتەڤ بریتی‌یە لە پێشەکیی کتێبێك دەربارەی داغستان ، کەچی بۆرە پێشەکی سەدان لاپەڕەی ڕەش کردوەتەوەو هەر لەبن‌نایێ ٠ « داغستانەکەم » وەسفی کتێبێکە کەس نازانێ کەی دەنووسرێ ٠ کۆمەڵە نوێژێکە سۆفی‌یەك دەیکا ٠ کۆمەڵە شیعرێکە شاعیرێکی عاشق دەیڵێ ٠ چەند سەمایەکی پڕ ریتمە[٤] ، ئاگرپەرستێك بەرابەر بە ئاگری پیرۆز دەیکا ٠ سوژێتی ئەو نوێژو شیعرو سەمایانە خاکە ، چەمە ، چیایە ، گوندی چاوەیە ، ناوەڕاستی جیهان ماڵی گەمزاتەڤە ، گوندەکەیەتی ٠ بازنەکە فراوانتر دەبێ‌و ئاڤارستان دەگرێتەوە ، لێك‌دەکشێتەوە تا وای لێدێ داغستان ، یەکیەتیی سۆڤیەت ، جیهان ، گەردوون دەگرێتە خۆی ٠ ئەمەیە ڕێگای هەموو عاشقێکی ڕاستەقینە ٠

**« ـ لەکوێ لەدایك‌بووی ، ئەی باز ؟**
**« ـ لە دۆڵێکی تەسك‌و تریسکا ٠**
**« ـ ئەی بەرەو کوێ دەفریت ، ئەی باز ؟**
**« ـ بەرەو ئاسمانی فراوان »[٥] ٠**

ڕاستە ! باز نەك هەر لە دۆڵێکا لەدایك‌دەبێ ، بەڵکو لە گەوەرێکی تەنگەبەردا ، لە زەندۆڵێکی تەسکدا ، کەچی بەرەو ئاسمانی شین لە شەقەی باڵ دەدا ، بەسەر هەموو لووتکەو نزارەکاندا دەسووڕێتەوە ٠ هەر نووسەرێك چاو لە باز نەکا ، بەپێچەوانەوە وا تێ‌بگا لە ئاسمانا لەدایك‌بووەو بی‌یەوێ لەوێ خۆی فێری فڕین بکا ٠٠ ئەوا ئەنجامی لە ملشکان بەولاوە هیچی‌تر نی یە ٠٠ زوو بێ یا

## ...ۆف و داغستانەکەی

دڕەنگ بەر نەفرەتی مەلبەندە بچکۆلانەکەی خۆی دەکەوێ • ئای ئێمە ـ نووسەرانی کورد ـ چەند پێویستە لە شاعیرێکی وەکو گەمزاتەڤەوە فێری ئەو عەشقە پیرۆزە ببین و ئەو سووتانە بۆ مەڵبەندو لانەی خۆمان بە بیرتەسکیی شۆفینیزم دانەنێین • پێمان شەرم نەبێ لە خۆمانەوە دەست پێبکەین • میللەتێك هەرگیز ئازادی بە چاوی خۆی نابینێ تا فێرە پەرستنی هەر دڵۆپە ئاوێکی •• هەر تاشە بەردێکی •• هەر گەڵا دارێکی •• هەر منداڵێکی •• هەر زنجێکی وڵاتەکەی خۆی نەبێ ، چونکە « ئێمەی ، شاعیران ، بەرابەر بە هەموو جیهان لێپرسراوین • بەڵام ئەگەر بێتو کەسێك بە چیاکانی خۆیەوە پەیوەند نەبێ ، ئەوکەسە قەت ناتوانێ ببێ بە نوێنەری هەموو دنیا • ئەوکەسە لە مرۆڤێك دەچێ کە لە مەڵبەندی خۆی هەڵکەنرابێ و ڕووی لە شوێنێکی تر کردبێ •• لەوێ ژنی هێنابێ و بە خەسوەکەی خۆی بڵێ ( دایە ) •• من دژی خەسوان نیم ، بەڵام ، لە دایك بترازێ ، هیچ کەسێکی تر نابێ بە دایك •• »(٦) •

گەمزاتەڤ ئەگەر هەموو جیهانی نەدیبێ ، ئەوا نیوەی دیوە • بەڵام هەمیشە گوندی ( چاوە )ی لەبەرچاو لە پاریس جوانتر بووە • کچە ئاڤاری بەلاوە لە کچە پۆڵەندییان ناسکتر بووە •• بۆ هەرکوێ چووبێ هەمیشە هەستێکی نهێنی میگناتیز ئاسا بەرەو مەڵبەندی خۆی ڕای کێشاوە • ئەوەتە خۆی دەڵێ : « چارەنووس فڕێیدابمە هەر قوژبنێکی جیهان ، هەمیشە هەستم بەوە کردووە کە من نوێنەری ئەو خاکەم ، ئەو چیایانەم ، ئەو گوندەم کە تیا فێرە ئەسپ زین کردن بووم »(٧) •

دێوانەو گەریدەکان کە بەدنیادا دەسووڕێنەوە ، هەمیشە گۆرانی دەربارەی وڵاتان دێننەوە • کەچی گەمزاتەڤ دێوانەیەکی ترە •• گەریدەیەکی بێهاوتایە •• چووبێتە هەر شوێنێك و گەڕابێتەوە فێرە گۆرانی و بەستەو ئەفسانەی تازە بووە ، دەربارەی داغستانەکەی خۆی •

گەمزاتەڤ •• زۆر شاعیرانە مەسەلەی نیشتمان و جیهان یەکالا دەکاتەوە : « ئەگەر لەبەر هۆیەك ، من گوندو پێدەشتەکانی خۆمم نەبا ، ئەوا هەموو دنیا بۆ من دەبوو بە سنگ ، بەڵام بێ دڵ •• بە دەم ، بەڵام بێ زمان •• بە چاو ، بەڵام بێ گلێنە •• بە هێلانە ، بەڵام بێ باڵندە •• »(٨) •

لێرەدا شاعیر نکوولی لە گرنگیو بایەخی دنیا ناکا • بە سنگی دادەنێ بۆ مرۆڤ ، بەڵام ئەگەر لە ناوەڕاستی ئەو سنگەدا دڵێکی گەرموگوڕ ـ کە نیشتمانە ـ لێنەدا ، ئەو سنگە چ دەهێنێ ؟ بەپێچەوانەشەوە دڵ وەکو دەنکە گەنمێك وایە لە ئاسماندا چاندرابێ ، ئەگەر سنگ لە سەرماو گەرمای نەپارێزێ •

گەمزاتەڤ لە چاوی داغستانەکەیدا هەموو جیهان دەبینێ ، بۆیە دەڵێ : « داغستانە بچووکەکەم دنیای بەر فراوانمە ، هەموو ژیانمە ، سیمفۆنیامە کتێبە بابەتمە »(٩) •

ئەو خۆشەویستییە ڕاستەقینەو ئەو سووتانە سۆفیانەیە هۆی سەرکەوتنی گەمزاتەڤە • بۆ شیعر ڕاستگۆیی شاپەڕە • کە گەمزاتەڤ بۆ مەڵبەندی خۆی دەنووسێ ، مەڵبەندەکەی کاڵای مەڵبەندی هەموو مرۆڤێك لەبەر دەکات • هەر بۆیەش جارجارە وام دەچێ بە دڵا کە من نووسیومە :

**« هێشتا ئادگاری پڕ لە شانازیت نەسڕاوەتەوە**
**لە ئاخافتنتا ، جوانکاری دەرژێ**
**ئای دڵەی چیاییم ،**
**چەند خۆشی دەوێی •• چەند خۆشی دەوێی ••**
**ئەی نەتەوە بچکۆلانەکەی خۆم ! »(١٠)**

**پەراوێزەکان :**

(١) ئەسامبل : کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان •
(٢) ڕەسووڵ گەمزاتەڤ ، داغستانەکەم ، بە ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ ، ل ٦٩ •
(٣) ڕەسووڵ گەمزاتەڤ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٩ •
(٤) ڕیتم : ئیقاع •
(٥) ڕەسووڵ گەمزاتەڤ ، سەراچوەی پێشوو ، ل ١٩ •
(٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢ •
(٧) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٣ •
(٨) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٣ •
(٩) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٧ •
(١٠) ڕەسووڵ گەمزاتەڤ ، شیعر ، بە ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٤ ، ل ٢٨ •

**○ عەبدوڵڵا پەشێو ○**